Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# گۆڕانکاری لە یاسای بیانی لە ٦/١ەوە - کاریگەرییەکانی لەسەر مشتەریەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی

لە ڕێکەوتی ٦/١ەوە هەندێک گۆڕانکاری لە یاسای بیانیدا دەکرێن. لەوانەیە گۆڕانکاریەکان کاریگەرییان بۆ تۆ هەبێت ئەگەر داوای مافی پەنابەری دەکەیت یان پێگەی پاراستنی نێودەوڵەتیت هەبێت لە فینلەندا. یاسا نوێیەکە یەکسەر دوای کەوتنەوە کارەوە پەیڕەودەکرێت.

## لەمەوبەدواوە دەکرێت تەنیا بەشێک لە کۆنووسی لێدوانی پەنابەری بەسەرداچوونەوەی بۆ بکرێت

لە لێدوانی پەنابەری دا ئیتر لە ٦/١ەوە تەواوی کۆنووسەکە بەسەرداچوونەوەی بۆ ناکرێت. واتە لەوانەیە لە کاتی لێدوانی پەنابەری دا کارمەندی فەرمانگەی کۆچ لەگەڵ تۆ بەسەر تەواوی کۆنووسەکە دا نەچێتەوە. ئەوە کات دەگەڕێنێتەوە و تاوتوێکردنی داواکاریی پەنابەری لە ڕوانگەی مشتەرییەکەشەوە خێراتر دەکات.

لەمەو بەدواش دەنگی لێدوانەکان هەر تۆماردەکرێت. ئەگەر لە لێدوانەکەدا بەسەر تەواوی کۆنووسەکە دا نەچنەوە، ڕۆژێکی دیاریکراوت پێ دەدرێت کە دەتوانیت تا ئەو کاتە زانیاری زیاتر و ڕاستکردنەوە بۆ نووسینیان لە کۆنووسەکە دا بنێریت.

## ناتوانیت بە بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەران یان بە پاسپۆرتی بیانی گەشت بکەیت بۆ وڵاتەکەت

دوای گۆڕانی یاساکە، بە شێوەیەکی گشتی نابێت  بە بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەران یان بە پاسپۆرتی بیانی گەشت بکەیت بۆ وڵاتەکەت، واتە ئەو دەوڵەتەی کە تۆ هاوڵاتیی یان ئەو وڵاتەی کە پێشتر بە بەردەوامی لێی نیشتەجێ بوویت.

گۆڕانکاریەکە کاریگەری بۆ تۆ هەیە ئەگەر

- پەنابەرێکی پشکیت
- مافی پەنابەریت هەیە
- مۆڵەتی دانیشتنت لەسەر بنەمای پاراستنی دووەمت هەبێت
- مۆڵەتی دانیشتنت هەیە لەسەر بنەمای خێزان و هەروەها بڕیاری مۆڵەتی ئەرێنیی دۆخی پاراستنت وەرگرتووە
- مۆڵەتی دانیشتنت هەیە لەسەر بنەمای قەدەغەی گەڕاندنەوە (مۆڵەتی بەپێی یاسای بیانی برگەی ٨٩)

دەتوانیت بەڵگەنامەیەکی گەشتکردن بۆ وڵاتەکەت لە فەرمانگەی کۆچ داوابکەیت تەنیا ئەگەر هۆکارێکی بە تایبەتی گرنگت هەبێت. هۆکارێکی ئەوها بۆ نموونە نەخۆشبوونی جددیی کەسوکارێکتە یان داواکاریی کۆتایی هێنانی هاوسەرگیرییە(داوای تەڵاق). لەسەر لاپەڕەکانی بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەران و پاسپۆرتی بیانی زانیری زیاتر بخوێنەوە.

## ئەگەر گەشت بکەیت بۆ وڵاتەکەت، ڕەنگە فەرمانگەی کۆچ وا لێکبدواتەوە کە ئیتر پێویستیت بە پاراستنی نێودەوڵەتی نیە

لە یاسای بیانیدا نووسراوە کە ئەگەر مافی پەنابەریت یان پاراستنی پلەی دووەمت هەبێت، گەشتکردن  بۆ وڵاتەکەت دەکرێت وەک هۆکارێکی کۆتاییهێنانی مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت قەبووڵبکرێت. گەشتکردن بۆ وڵاتەکەت پێشتریش دەکرا ببێتە هۆکاری کۆتاییهێنانی مافی پاراستنی نێودەوڵەتی.

## جێبەجێکردنی دەرکردن زیاتر دەکرێتە هاوشێوەی گەڕاندنەوە

دوای گۆڕانی یاساکە لە ٦/١ەوە جێبەجێکردنی گەڕاندنەوە و دەرکردن دەکرێنە هاوشێوە لە بابەتەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی دا و جیادەکرێنەوە لە بابەتەکانی تری مۆڵەتەکانی دانیشتن.

دەکرێت بڕیاری دەرکردنت پێ بدرێت بۆ نموونە ئەگەر پێشتر بە مۆڵەتێکی تری دانیشتن لە فینلەندا نیشتەجێ بوویت و بڕیارێکی نەرێنی وەربگریت لەسەر داواکاریی مافی پەنابەریت.

مەبەست لە بڕیاری دەرکردن ئەوەیە کە دەبێت لە فینلەندا بڕۆیت بەو شێوەیەی کە لە بڕیارەکەدا باسکراوە. کاتی جێبەجێکردنی دەرکردنەکە پەیوەستە بەوە کە ئایا لە ڕوانگەی کاربەدەستانەوە داواکاریەکەت بە ئاشکرایی بەبێ هیچ هۆکارێکی ڕەوایە یان بەبێ لێکۆڵینەوە ماوەتەوە. پۆلیس بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بڕیاری دەرکردن.

زیاتر بخوێنەوە لەسەر لاپەڕەکانی هەڵوەشاندنەوەی مافی پەنابەری و پاراستنی نێودەوڵەتیی پلەی دووەم و گەڕاندنەوە، دەرکردن و قەدەغەکردنی هاتن بۆ وڵات.

## دەکرێت لە جیاتی مافی پەنابەری، پاراستنی نێودەوڵەتیی پلەی دووەمت پێ بدرێت ئەگەر داواکاریەکی نوێ بکەیت لەبەر هۆکارێکی کە خۆت دروستت کردووە (بە هۆی خۆتەوە پێش هاتووە)

دەکرێت لە جیاتی مافی پەنابەری، پاراستنی نێودەوڵەتیی پلەی دووەمت پێ بدرێت، ئەگەر داواکاریەکی نوێ بکەیت لەبەر هۆکارێکی کە خۆت دوای هەڵاتنت لە وڵاتەکەی خۆت یان لە وڵاتەکەی پێشووی نیشتەجێبوونی هەمیشەیت، دروستت کردووە.

ئەگەر مەرجەکانی وەرگرتنی مافی پەنابەری نەبن، دەکرێت پاراستنی پلەی دووەمت پێ بدرێر. زیاتر بخوێنەوە لەسەر لاپەڕەکانی داواکاریی نوێ و پاراستنی پلەی دووەم.